بۆکان لە مێژوودا (١٠٦)          ئەنوەر سوڵتانی

## کاریکاتۆر لە بۆکان

برایانی قوڕەیشی (سەیید محەمەد ئەمین و سەیید یاسین) دیاردەیەکی دەگمەنن لە هونەری بۆکان و موکریاندا. بۆکان مێژووی کاری کاریکاتیری نەبووە و ئەگەر کەسانێک بەو هونەرەوە خەریک بووبێتن بۆ رای گشتی نەناسراون. بناغە داڕێژەری هونەرەکە لە بۆکان ئەو دوو برایەن و هیوایە کەسانێکی زیاتریان بە شوێندابێت. هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی ئەو هونەرە و نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە مێژووی رەخنەی سیاسی – کۆمەڵایەتی لە بۆکان و موکریان بە بێ چوونە سۆراغی کاری ئەو دوو هونەرمەندە ناتەواو دەبێت.

کاری هونەری قوڕەیشییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گۆڤاری سروە چاپی ورمێ و هەروەها لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە هێندێک چاپەمەنی فارسی ئێرانیشدا بڵاو بوونەتەوە.

زانیاری من لەو دوو هونەرمەندە ناتەواوە و دوور نییە گەلێک چالاکی دیکەیان هەبێت کە من بە هەواڵیانم نەزانیوە. ئەوەی کە لێی ئاگادار بم، کۆمەڵێک لە کاریکاتیرەکانیان لە لایەن "ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی" یەوە بڵاوکرایەوە. بۆ ناسینی قوڕەیشییەکان پێویستە سەیری گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی ٢٠ – ١٥ ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت.